# «ئایلا» کاندیدە بۆ ئۆسکار




■ ئا: هێمن عەساف

فیلمی سینەمایی «ئایلا» یەکێکە لە بەرهەمە نوێیەکانی پەردەی سپی لە تورکیا و کاندیدە بۆ باشترین فیلمی بیانی بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئۆسکار لە 90ەمین ڕێوڕەسمیدا کە بڕیارە لە مانگی نیسانی 2018 سازبکرێت.

ئەم فیلمە پشتی بە چیرۆکێکی ڕاستەقینە بەستووە کە ساڵی 1950 ڕوویداوە، کاتێک یەکەیەکی سەربازیی سوپای تورکیا بەشداری لە شەڕی کۆریادا دەکات و ئەفسەرێکی سوپاکە لە گوندێکی ناوچە شاخاوییەکاندا کچێکی تەمەن سێ ساڵان دەدۆزێتەوە کە بەهۆی جەنگەوە گوندەکەیان خاپوور کراوە و باوک و دایکیشی کوژراون. ئەفسەرەکە، کچەکە دەپارێزێت و چاودێریی دەکات و نازانێت ناوی چییە، بۆیە ناوی دەنێت «ئایلا» واتە ڕووناکیی مانگ.

سینەمای تورکیا ئەم چیرۆکە 65 ساڵییە کە سەرجەم ڕووداوەکانی ڕاستەقینەن، دەخاتە سەر پەردەی سپی و بەناوبانگترین ئەکتەرە سینەماییەکان تێیدا بەشدارن. یەکێکە لە پڕبینەرترین فیلمی سینەمایی تورکیا و لە ڕیزبەندی 13ـەمینە لە لیستی باشترین فیلمەکان بە زمانی بیانی و کاندیدە بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئۆسکار.

# ژیانی نووسەرە کوردە عەرەبینووسەکان دەنووسرێتەوە



■ ئا: سیروان عەباس

نووسەر و ڕووناکبیر عیززەدین مستەفا ڕەسوڵ، سەرقاڵی کۆکردنەوە و نووسینەوەی ژیانی ئەو نووسەرە عەرەبینووسانەیە کە خۆیان بە کورد زانیوە.

عیززەدین مستەفا ڕەسوڵ بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە دەستی بە نووسینەوەی ژیانی ئەو نووسەرانە کردووە و تاوەکو ئێستا ژیانی 10 لەو نووسەرانەی ئامادە کردووە و سەرقاڵی گەڕانە بەدوای ئەو نووسەرانەی دیکە کە بە ڕەگەز کوردن، بەڵام بە عەرەبی نووسیویانە. وەک عیززەدین مستەفا ڕەسوڵ دەڵێت، مستەفا عەقاد، قاسم ئەمین، عەبدولمەجید لوتفی و ئەحمەد شەوقی لەنێو ئەو نووسەرانەدان کە خۆیان بە کورد زانیوە، بەڵام بە عەرەبی نووسیویانە.

عیززەدین مستەفا ساڵی 1935 لە شاری سلێمانی لەدایکبووە، یەکێکە لە دامەزرێنەرانی یەکێتی نووسەرانی کورد و ئێستا ئەندامی ئەکادیمیای کوردییە. نزیکەی 90 کتێبی نووسیوە.



# ئەو نامانەی ڕۆح دەخوێننەوە چاپ دەکرێن

■ ئا: سیروان عەباس

کتێبی «ئەو نامانەی ڕۆح دەخوێننەوە»ی نووسەر عەبدوڵلا ئاگرین چاپ و بڵاوەکرێتەوە کە کۆکراوەی 75 نامەی ئەدەبیی نووسەرە ناودارەکانی کوردە.

عەبدوڵلا ئاگرین بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند: «یەکەمجارە کتێبێکی لەو جۆرە لە مێژووی ئەدەبیاتی کوردیدا بڵاوەکرێتەوە کە تێیدا باس لە ئەدەبیاتی مەرگ کراوە، کتێبەکە کۆکراوەی نامەی 74 نووسەری نێوداری کورد و نامەیەکی نووسەری عەرەب حەسەن عەلەوییە کە دیراسەم کردوون و لە توێی کتێبێکی 200 لاپەڕەییدا چاپ و بڵاویان دەکەمەوە».

عەبدوڵلا ئاگرین هەروەها گوتی: «لێکۆڵینەوەکەم بەشێوەیەکی زانستی کردووە و ڕەنگە لە داهاتوودا بخرێتە نێو میتۆدی خوێندنی زانکۆکانەوە».

عەبدوڵلا ئاگرین، نووسەر و مامۆستای زانکۆ، پێشتر ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە و ئێستا سەرپەرشتیاری دکتۆرایە لە زانکۆی سەلاحەدین. تاوەکو ئێستا دەیان گوتار و لێکۆڵینەوە و چەند کتێبێکی ئەدەبی و مێژوویی چاپ و بڵاوکردوونەتەوە.

# تابلۆکانی بازلتز دەستیان بەسەردا گیرا

■ ڕووداو– ڕۆیتەرز

پۆلیسی ئەڵمانیا، دەستی بەسەر چەند تابلۆیەکی جۆرج بازلتز، شێوەکاری هاوچەرخی ئەڵمانیدا گرت کە پێشتر ئەم بەرهەمانە دزرابوون.

ئەو تابلۆ هونەرییانەی بازلتز (79 ساڵ) کە بایی زیاتر لە دوو ملیۆن و 500 هەزار دۆلاری ئەمریکین، هەوڵی فرۆشتنیان لە بازاڕی ڕەشدا دراوە.

ئەو تابلۆیانەی پۆلیس دەستی بەسەردا گرتوون، ژمارەیان 15 تابلۆیە لە کۆی ئەو 19 تابلۆیەی پێشتر دزراون.

دەزگا ئەمنییەکانی ئەڵمانیا ڕایانگەیاندووە کە تابلۆکان ئێستا لەلای ئەوان پارێزراون، بەڵام هیچ زانیارییەکیان لەبارەی شوێنی دەستبەسەرداگرتنی تابلۆکان ئاشکرا نەکرد.

جۆرج بازلتز، وێنەکێش و پەیکەرسازی ئەڵمانی، ساڵی 1938 لەدایکبووە و لەڕێگەی کارە هونەرییەکانیەوە ناوبانگێکی جیهانیی پەیدا کردووە.

# کریستا ڤۆڵف،
## یادەوەری وەك كەرەستەی داهێنان



نووری بێخاڵی

### ■ لە منداڵدانی شەڕەوە بۆ سەرزەمینی نامۆیی

کریستا ڤۆڵف لە 18ی ئاداری 1929 لە شاری لاندسبێرگ کە ئەوکات لەناو سنووری پۆڵەندا بوو، لەدایک بووە. ساڵی 1945 بەهۆی جەنگی دووەمی جیهانییەوە، لەگەڵ خێزانەکەیان ڕوو دەکەنە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات. ساڵی 1949 پەیوەندی بە حیزبی یەکێتی سۆسیالیستیی ئەڵمانییەوە (حیزبی فەرمانڕەوا لە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات) دەکات. خوێندنی خۆی لە بواری ئەدەبی ئەڵمانی لە هەردوو زانکۆی یێنا و لایبزیگ تەواو کردووە.

وەکو نووسەر لە گۆڤاری (ئەدەبی نوێی ئەڵمانی) کاری کردووە و ساڵی 1955 بووە ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کۆماری دیموکراتی ئەڵمانی، بەڵام ساڵی 1977 بەهۆی واژۆکردنی لەسەر نامەیەکی کراوەی نووسەران لە دژی بڕیاری لێسەندنەوەی ڕەگەزنامە لە نووسەری ئەڵمانی (ڤۆڵف بێرمان)، لە یەکێتییەکە دەرکرا.

کریستا لە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتدا ژیا و کاری کرد و لە چیرۆکەکانیدا تیشک دەخاتە سەر ژیان لە وڵاتە سۆسیالیستییەکان و جەختی لەسەر نموونە و بەهاکانی دەکردەوە، بەڵام دوای بەشداریکردنی لە خۆپیشاندانەکانی ساڵی 1989 کە دواجار بووە هۆی ڕووخانی دیواری بەرلین، بە توندی لەسەر ڕەخنەکردنی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات وەستا. کریستا لە تەمەنی 82 ساڵیدا کۆچی دوایی کرد و جگە لە کتێبەکانی، دوو کچی لە هاوسەرە نووسەرەکەی (جیرارد ڤۆڵف) لەدوای خۆی جێهێشتن.

### ■ نووسەری دەسەڵات

لە خۆپیشاندانەکانی ساڵی 1989دا لە بەرلین لە دژی سیاسەتەکانی سیستەمی کۆمۆنیستی، ڤۆڵف وتارە ناودارەکەی خۆی بەناوی (زمانی گۆڕانکاری) خوێندەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بڕوای بە هەڵوەشانەوە و ڕمانی کۆماری ئەڵمانیا نەبوو، بەڵکو لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە دەتوانرێ سۆسیالیزم بەشێوەیەک چاکسازیی تێدا بکرێ و لە سایەی سەرکردایەتییەکی نوێدا، مرۆیی و ژیاندۆستتر بێت. لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا پەیوەندیی کریستا و هاوکاریکردنی لەگەڵ وەزارەتی ئاسایشی دەوڵەت (شتازی) ئاشکرا بوو، ئەمەش وایکرد لە دیدی هەندێک کەسدا وەک (نووسەری دەسەڵات) بناسرێ، لە بەرامبەردا هەندێکی دیکە وەک نووسەرێکی مەزن سەیری کریستایان دەکرد، یەکێک لەوانە (گۆنتەر گراس)ی هەڵگری خەڵاتی نۆبڵە کە دەڵێ: "کریستا لووتکەیەکە لە لووتکەکانی ئەدەبی ئەڵمانی و شایستەی خەڵاتی نۆبڵە".

### ■ خەڵاتی ڕاستگۆیی

سەرەڕای هەموو ئەو ڕەخنانەی لێی گیران و ئەو هەموو هێرشە میدیاییەی کرایە سەری، وەلێ لەپای کار و بەرهەم و نووسینەکانیدا، کریستا چەندین خەڵاتی ئەدەبیی وەرگرتووە. لەوانە: خەڵاتی (بۆشنێر- بەرزترین ڕێزلێنانی ئەدەبی ئەڵمانی)، دوو جاریش بەدوای یەکدا خەڵاتی (نیشتمانیی کۆماری دیموکراتی ئەڵمانیا)ی پێ بەخشراوە. دواجار ساڵی 2010، لەپای بەدۆکیۆمێنتکردنی وێستگەکانی تێکۆشان و هەڵەکانی تەمەن و ژیانی خۆی، خەڵاتی ناسراو و بەهاداری (تۆماس مان)ی پێ بەخشرا.

بەخشینی خەڵاتی (تۆماس مان)ی ئەدەبی بە ڤۆلفی تەمەن (81) ساڵ، چەندین پرسیاری بەدوای خۆیدا هێنا. لیژنەی داوەری و بەرپرس لە بەخشینی ئەم خەڵاتە، لە بەرامبەر ئەم پرسیارانەدا ئەوەی ئاشکرا کرد کە "ڕەچەڵەک و سیاسەت لە پرۆسەی بەخشینی خەڵاتەکەدا ڕۆڵیان نەبووە، بەڵکو ئەو زمانە ئەڵمانییە ڕۆڵی بینی کە نوێنەرایەتیی (تۆماس مان) دەکات. زمانێک کە هۆکار بوو لەوەی پارچەبوونی ئەڵمانیا بەردەوام نەبێ". ڤۆڵفیش لە میانی وتەیەکدا کە لە مەراسیمی بەخشینی خەڵاتەکەدا پێشکەشی کرد، ئاماژەی بە کاریگەریی قووڵی (تۆماس مان) لەسەر خۆی و کارەکانی کرد و گوتی: "ڕۆمانی دکتۆر فاوستۆس لە پێشینەی ئەو کتێبانەیە کە هاوکارم بوو لەوەی بە قووڵاییەکاندا ڕۆ بچم و تۆز لەسەر جەوهەری شتەکان بتەکێنم. ڕوونتر بڵێم، تۆز لەسەر جەوهەر نا، بەڵکو لەسەر فاشیزمی ئەڵمانی بتەکێنم".

هاوکات لە بەیاننامەی لیژنەی داوەریشدا هاتبوو: "کریستا بەشێوەیەکی ڕەخنەیی، ململانێکانی سەردەمەکەی و خەونی نەوەکانی و هەڵەکانی خۆی بە شێوەیەکی جیددی و ئەخلاقی و لە میانی توانایەکی داهێنەرانەی گێڕانەوەدا وێنا کردوون. لەوانەش گرنگتر، ئەو شتەی کریستا لەوانی دی جیادەکاتەوە، ڕاستگۆیی و بەردەوامی و خۆڕاگرییەکەی بوو".

### ■ ئەزموونی نووسین

کریستا سەرەتای ژیانی ئەدەبیی خۆی بە نووسین و بڵاوکردنەوەی (چیرۆکەکانی مۆسکۆ- 1961) دەستپێکرد، دوای ئەوە کاری لەسەر نووسینی ڕۆمان و بایۆگرافیا کرد.

ڕۆمانەکانی (ئاسمانی هاوبەش، یان ئاسمانی پارچەبوو - 1963) و (تێڕامانەکانی کریستا - 1968) و (لەژێر سێبەرەکانی زەیزەفوون - 1974) و (نموونەی منداڵی- 1976) لەو کارانەن کە لە ڕێگەیانەوە توێکارییەکی وردی بۆ سیستەمی نازی کرد لە ئەڵمانیا.

بەشێوەیەکی گشتی، چیرۆک و ڕۆمانە سەرەتاییەکانی کریستا بنەمایەکیان بۆ ئەدەبی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات دارشت و بەرهەمەکانی بۆ زیاتر لە بیست زمانی زیندووی جیهان وەرگێڕدراون.

### ■ (ئەوەی دەمێنێتەوە – 1990)

ڕۆمانی (ئەوەی دەمێنێتەوە) یەکێکە لە بەرهەمە سەرنجڕاکێشەکانی نووسەر، بەرهەمێک کە بەهۆیەوە بووە جێی باس و خواسی نێوەندە ئەدەبی و سیاسییەکان.

چیرۆکەکە دەربارەی ڕووداوەکانی ڕۆژێکی ژیانی نووسەرە لە بەرلینی ڕۆژهەڵات کە تێیدا ماڵی خۆی و ژیانی پیشەیی خۆی دەخاتە خزمەتی چاودێریکردنی هەواڵگر و نیگابانەکانی (شتازی). پاڵەوانی چیرۆکەکە لە گفتوگۆیەکی نەبڕاوەدایە لەگەڵ خۆی. لەوێدا نووسەر بە سێ جێناوی جیاواز دەردەکەوێ، جارێک (من) و جارێکی تر (تۆ) و دواجاریش وەک کەسی سێیەمی نادیار.

نووسەر لەم ڕۆمانەیدا هاوکات ڕووداوە ڕۆژانەییە ڕۆتینییەکانی مرۆڤ لەو وڵاتە کۆمۆنیستییە دەخاتەڕوو، بەتایبەت کاتێک ماڵەکانیان لە نائامادەیی خۆیشیاندا بەسەر دەستدرێژی و هێرشەکانی پیاوانی ئاسایشدا کراوە بوو. ئەو ماڵانەی تێیاندا قسەکردن بە چرپە و ئاماژە بوو، ئەو ماڵانەی تەنیا دوای پساندنی وایەری تەلەفۆنەکانیان دەیانتوانی بە دەنگێکی نزم بدوێن.

تەوەری سەرەکی لەم کارەیدا، گەڕان و هەوڵی ورد و جددیی نووسەرە بە شوێن دۆزینەوەی زمانێکی نوێ بۆ گوزارشتکردن، بۆ ئەوەی بتوانێ بە ڕاستگۆیی و زیندوویی، گوزارشت لە ئەزموونەکانی نووسین و دەردەسەرییەکانی خۆی بکات.

### ■ (ئاسمانی پارچەبوو – 1963)

چەقی باس لە ڕۆمانی (ئاسمانی پارچەبوو) دا دابەشکردنی ئەڵمانیا و دەرهاویشتەکانی و ڕەنگدانەوەیانە بەسەر مرۆڤی ئەڵمانی و خەون و هیواکانییەوە. ڕۆمانەکە خستنەڕوویەکی خەیاڵاویی بان واقیعی، شوناسی کەسایەتیی ئۆپۆزسیۆنی دژە ئەو دابەشکارییەیە. لەم ڕۆمانەدا (ئاسمان) سیمبوڵە بۆ گوزارشت لە خەون و خولیا، هیوا و ئومێد، ترس و دڵنیایی، خەم و خۆشی، خۆشەویستی و دڵتەنگی کە بە ڕووخانی دیواری بەرلین، ئاراستەی زۆربەیان گۆڕا. ڕووداوەکان لەبارەی کچێکی نۆزدە ساڵانە بەناوی (ڕیتا زایدڵ) و (مانفرێد هێرفۆرت)ی هاوڕێی کە لە بۆنەیەکی کۆمەڵایەتیدا ئاشنای یەکتری دەبن، دواجار ئاشنایەتییەکەیان بە پەیوەندیی خۆشەویستی کۆتایی دێت.

مانفرێد دوای ئەوەی تووشی بێهوودەیی دەبێت و باوەڕی بەسیستەمی سۆسیالیستی نامێنێ، سەری خۆی هەڵدەگرێ و ڕوو دەکاتە پارچەی ڕۆژئاوا، ڕیتا زۆر هەوڵ دەدا بمێنێتەوە، بەڵام سوودی نابێ. کوڕە دەڕوا و دوای ماوەیەک دیواری بەرلین هەڵدەچنرێ، ئیدی بۆ هەتا هەتایە ئەم دوو خۆشەویستە لە یەکتر دادەبڕێن. دوای ئەوە ڕیتا هەوڵی خۆکوشتن دەدا، بەڵام نامرێ و بۆ ماوەیەکی درێژ بەبێ هۆشی، لەسەر قەرەوێڵەی نەخۆشخانەیەک دەمێنێتەوە. پاش بێداربوونەوەی، چیرۆکی خۆی لەگەڵ خۆشەویستەکەی و بیرەوەرییەکانی دەگێڕێتەوە.

### ■ (تێڕامانەکان لەبارەی کریستا – 1969)

تێڕامانەکان بەشێکی زۆری وردەکارییەکانی ژیانی تایبەتیی کریستایە، بەتایبەتی کە جێی خۆی بە تەواوی لەناو ئەدەبی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتدا گرت. ئەم بەرهەمەی، دەرگای ڕەخنەیەکی توندی بەرپرسەکانی کەرتی ڕۆشنبیریی وڵاتە کۆمۆنیستییەکەی بەسەر نووسەردا کردەوە.

چیرۆکی ئەم نووسینەی کە زیاتر ژیاننامە (بایۆگرافیا)ی نووسەرە، باس لە ڕووداوەکانی کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی و سەرەتاکانی دامەزراندنی کۆماری دیموکراتیی ئەڵمانیا دەکات. وەکوتر، ئاڵۆزییەکانی نێوان سەرکوتکردنی کۆمەڵایەتی (کە بەرهەمی سیاسەتی کۆماری نوێ بوون) لەگەڵ ویستی تاکەکەس بۆ ئازادی، لایەنێکی دیکەی گرتە و دیمەنەکانی نووسینەکەن.

### ■ (نموونەی منداڵی – 1976)

یەکێک لە دیارترین و ناسراوترین بەرهەمەکانی کریستا، ڕۆمانی (نموونەی منداڵی) یە، ئەم بەرهەمەیشی دیسانەوە گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانیەتی و نووسەر لە میانی گێڕانەوەدا، هەوڵ بۆ سەرکەوتن بەسەر ڕابردوو و تێپەڕاندنی گیروگازەکانیدا دەدات.

لە ڕۆمانی (نموونەی منداڵی)دا نووسەر باس لە ژیانی شارێکی هاوئاهەنگ دەکات لە سایەی سۆسیال - ناسیونالی (نازی)دا. ئەگەرچی ڕووداوەکان بەدوای یەکدا و بە زنجیرەی مێژوویی نەخراونەتە ڕوو، بەڵکو گێڕانەوەی تێکەڵی شوێنکاتی ڕووداوەکانی ڕابردوون، بەڵام تەوەرە سەرەکییەکەی ڕۆمانەکە، گێڕانەوەی وردی ئەزموونی منداڵییە، یان وێناکردنێکی وردی دونیای منداڵییە لە سێبەری فەرمانڕەوایەتیی ڕژێمی نازیدا.

### ■ (شاری فریشتەکان، یان پاڵتۆکەی دکتۆر فرۆید – 2010)

نووسەر لە 21ی ئاداری 1993 لە نامەیەکدا بۆ هاوڕێ نووسەرەکەی (گۆنتەر گراس) دەنووسێ: "جارێکیان فرۆید گوتی، مرۆڤ ئەگەر تووشی خەمۆکییەکی سادە بوو، دەتوانێ باش بنووسێت. کەواتە وێدەچێ خەمۆکییەکەی من سادە بێت، ئەوەتا من لە پێناوی نزیکبوونەوە لەو مرۆڤە (خۆمی بەر لە سی ساڵ)، هەروەها بۆ ڕزگاربوون لەو ساردییە و ئەو هەستکردنە بە نامۆیی، دەنووسم".

(شاری فریشتەکان) کە بەرهەمی ئەم خەمۆکییەی نووسەرە، سەرەڕای زاڵبوونی بەشێک لە تەکنیک و ڕەگەزەکانی ڕۆمان بەسەر بەرهەمەکەیدا، وەلێ ئەم بەرهەمە کە بریتییە لەو تێبینی و سەرنجانەی لە سەردەمی کۆماری دیموکراتیکی ئەڵمانیدا یاداشتی کردبوون، پۆلێنکردنی بە ڕۆمان ئاسان نییە. تەنانەت خودی نووسەر لەم بارەیەوە ئاماژەی بەوە کردووە کە لەم نووسینەیدا بیری لە ناونانی ژانرە هونەرییەکەی نەکردووەتەوە.

لە پرۆسەیەکی سەرنجڕاکێشی گێڕانەوەدا، بابەت و ڕووداو و کەسایەتیی تایبەت و گشتیی ناو ڕۆمانەکە وەک دوو هێڵی یەکتربڕ بەناو یەکدا دەچن. هەر ئەمەشە وا دەکات بۆ خوێنەری (پاڵتۆکەی دکتۆر فرۆید) ئاسان نەبێت، ئەو پرسیارانە فەرامۆش بکات کە نووسەر دەربارەی گۆڕانی فیکری سیاسی، وەک پێداویستیی پرۆسەکانی گۆڕان ورووژاندووونی.

نووسەر تێبینییەکانی خۆی کە لە ماوەی ئەو نۆ مانگەی لە لۆس ئەنجلس ژیاوە، لەگەڵ هۆکارەکانی چوونی بۆ ئەمریکا، لە چوارچێوەی ئەم بەرهەمەدا کۆکردوونەتەوە. بەوپێیەی لەو وڵاتە دەرفەتی ئەوەی دراوە لاپەڕەکانی ژیانی تێکۆشەرێکی سۆسیالیست لە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات و بەر لە ڕووخانی دیواری بەرلین، یاداشت بکات.

لە (شاری فریشتەکان)دا نووسەر هاوشێوەی (جاک دێریدا) لە کتێبی (ئەرشیفی فرۆیدی)، کاری لەسەر ئەرشیفکردن کردووە. ئەم شێوازی ئەرشیفکارییەی کە بەقەد تۆمارکردنی ڕووداو، لەگەڵ خۆیشیدا ڕووداو دروست دەکات. واتە ئەرشیفکاری پرۆسەی کۆکردنەوە تێدە پەڕێنێ، ئەمەش وەک ئامرازێک بۆ بەرەنگاری و بیرهاتنەوە، یان بە مانایەکی ڕوونتر، ئاوێنەی خودە لە دەرەوەی هەژموون و جەبر و فشاری دەسەڵات و سیستەمی کۆمەڵایەتی.

ڕۆمانەکە کە لە نێوان هەردوو ڕاڕەوی (دەستبەرداربوون و بەرەنگاربوونەوە) دێت و دەچێت، چیرۆکێکی نامۆی لێ بەرهەم هاتووە کە پەیوەندی بە پاڵتۆی فرۆیدەوە هەیە، ئەوەی کە بە (جادوولێکراو) ناوی دەبات. بەو مانایەی، ئەو پاڵتۆیەی گەرمت دەکاتەوە، هاوکات دەتشارێتەوە. بۆیە پێویستە ئەو پاڵتۆیە بە باری ناوەوەیدا وەربگێڕدرێت، بۆ ئەوەی ناوەوەی بینراو بێت. بەم چەشنە، (پاڵتۆکەی دکتۆر فرۆید) ڕۆچوونە بەناو قووڵایی چینەکانی مێژووی کۆن و نوێی ئەڵمانیادا.

### ■ (کریستا و یادەوەری)

چەمکی (یادەوەری)، چەمکێکی هەرە زاڵی ناو بەرهەمەکانی کریستایە. نووسەر بە کارکردنی وردی لەسەر ئەم چەمکە و تەوزیفکردنەوەی لە مانا و دەربڕینی جیاوازدا، ئەو خودە تێدە پەڕێنێ کە تەنیا باسی دوێنێ و ئەمڕۆ بکات. بەپێچەوانەوە، بەرەو خودێک دەچێت کە بۆ خۆی چەقی بابەت و ڕووداو و هەمووو شتێکە.

یادەوەری لای کریستا کە دواجار لەڕێی چێژی تێکشکاندنەوە بەرهەمی دێنێتەوە، بابەتێکی گرنگی ناو کارەکانیەتی. وەڵامی پرسیاری ئەوەی کە (نووسەر دەیەوێ چی و چۆن و بۆچی تێکبشکێنێ؟)، پەیوەندی بە وێستگەکانی ژیان و قۆناغەکانی تەمەن و ئەزموونەکانی خودی نووسەر خۆیەوە هەیە. بەو پێیەی بابەتگەلی زۆر هەن کە بە درێژایی ژیانی، نووسەریان بە خۆیانەوە سەرقاڵ کردووە.

ئەو تاڵە دەزووەش کە هەموو ئەو بابەتە پەرش و بڵاوانە بەیەکەوە گرێ دەداتەوە، یادەوەرییە کە ئامرازی دەستی کار و لێکۆڵینەوەکانی ڤۆڵف بوو تا دواجار لە میانی ئەوەوە بە شوێن خودی خۆیدا دەگەڕێ و دەپرسێ: بۆچی خۆمی ڕاستەقینە ئاشکرا نەکەم، بۆ ئەوەی زیاتر خۆم بناسم؟

ئەم وەسوەسە و دڵەڕاوکێ و پرسیارکردنە لە پێناوی دۆزینەوەی خوددا، هۆکاری ئەوە بوون کە نووسەر هەرگیز هەست بە ئاشتیی ناوەوەی خۆی نەکات، هەست بەوە نەکات کە خودێکی ئۆقرە گرتووە، خودێکی دڵنیا و ئەرخەیان. ئەمەش ئەگەر مانایەکی هەبێت، ئەوا بەو مانایە دێ کە نووسەر خاوەنی ویژدانێکی زیندوو، بوێری و ئازایەتییەکە کە ڕێگای نادەن ڕابردوو لە خۆیدا وەک نهێنییەک بپێچێتەوە. ئەو ویژدانە زیندووە و ئەو بوێرییەی دەیخەنە بەردەم بەرپرسیارێتی ئەوەی بڵێ: "بەڕاستی دەمەوێ خودی خۆم ئاشت بکەمەوە".








● سابیر ڕەشید ، نووسەر و چیرۆکنووس:

# چیرۆکنووسمان هەن ئەگەر لە ئاستی ئەدەبی دونیادا زیاتر نەبن، کەمتر نین



## تەوەری (چیرۆک)

ژانری چیرۆک پەیوەندییەکی بنەڕەتی بە هونەری گێڕانەوەوە هەیە، بۆیە لە زۆربەی ژانرەکانی دیکەی ئەدەبدا هەیە. ئاخر ژیان خۆی چیرۆکێکی درێژە، یان ئەگەر لە ڕوانگە ئایینیەکانەوە لە ژانری چیرۆک بڕوانین، ئەوە ژیان چیرۆکی سەفەرێکە. ژیانی هەر یەکێکیشمان بۆ خۆی چیرۆکێکە، کەواتە چیرۆک لە زۆربەی ژانرەکانی دیکەی ئەدەبیاتدا هەیە و هەندێکیان تەنانەت بەبێ ڕەگەزی چیرۆک ناتوانن هەبن. بۆ نموونە کام شانۆنامە هەیە ڕەگەزی چیرۆکی تێدا نەبێت؟ ئایا دەشێت بیرەوەری بنووسینەوە و ڕەگەزی گێڕانەوەی چیرۆکمان نەبێت؟ کام ڕۆمان هەیە چیرۆکی تێدا نەبێت؟ زۆر جاران شیعرێکی کورتیش چیرۆکێکی درێژی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە، کەواتە دەپرسین: چیرۆک چییە؟ بۆچی ئێمەی مرۆڤ پێویستمان بە چیرۆکە؟ ئایا هەموومان بوخچەیەک یان کۆگایەک نین لە چیرۆک؟ بوونی ئەو هەموو چیرۆکە لە ژیانماندا پێویستی بە چییە بۆ گێڕانەوە؟ ئایا هونەری گێڕانەوە چییە؟

**سازدانی: غەمگین بۆڵی**

**ڕووداو: با بەم پرسیارە دەست بە گفتوگۆ بکەین: چیرۆک چییە؟**

**سابیر ڕەشید:** ئەگەر تەماشای فەرهەنگ و ئینسایکلۆپیدیاکانی تایبەت بە ژانری چیرۆک بکەین، سەدان پێناسە دەدۆزینەوە لەبارەی هونەری چیرۆکەوە. بۆ نموونە لە کتێبی ( معجم السردیات)دا وا پێناسەی چیرۆک کراوە: "چیرۆک لە ساکارترین ماناکانیدا بریتییە لە کۆمەڵێک گوتەی پەخشانئامێز، یان ئەو نووسینەیە کە ڕووداو دەگوازێتەوە و دەکەوێتە ژێر باری هەردوو پرەنسیپی زنجیرەیی و گواستنەوە". ئەمەش ئەو ڕووداوانەن کە لە شوێنێکدا ڕوودەدەن و بەکاتێکدا ڕەت دەبن و کەسایەتییەکانی تێدا قیت دەبنەوە. بۆیە چەمکی چیرۆک فراوانە و چەندان جۆر دەگرێتەوە کە کورتە چیرۆک و کورتیلە چیرۆک و ڕۆمان و کورتە ڕۆمان و حیکایەتی میللی و جۆرەکانی تری چیرۆک لەخۆدەگرێ.

نامەوێت ڕای چیرۆکنووس و باسکارانی چیرۆکی دونیا بگوازمەوە، تەنیا ڕای دوو چیرۆکنووسی ڕێچکەشکێن و نوێکاری چیرۆکی کوردی دەگوازمەوە تا بزانن نووسەرانی ئێمەش چۆن پێناسەی چیرۆکیان کردووە.

لەتیف حامید بەرزنجی نوێکار لە پێناسەی چیرۆکدا دەڵێ: "چیرۆک بەشێکە لە هونەری پەخشان کە لە تەنگ و چەڵەمەکانی مرۆڤ و کۆمەڵ دەکۆڵێتەوە و دەیخاتەڕوو، هەندێکجار لەژێر پەردەوە چارەسەریشیان بۆ دادەنێ، هەر نەبێ ڕێگایەک دەستنیشان دەکا بۆ زاڵبوون بەسەریاندا. ئەمیش وەک هەموو کارێکی هونەری لە دەست هەموو کەس نایەت، بەڵکو بەهرەیەکە و پێویستی بە گەشەپێدان و قاڵبوونە لە کۆڕی ئەو تاقیکردنەوە ڕۆژانەیەدا کە چیرۆکنووس و ئەو کۆمەڵگەیەی پێدا ڕەت دەبن. چیرۆکی سەرکەوتوو ئەو چیرۆکەیە کە دەربڕی تاقیکردنەوە ڕاستەقینەکانی سەردەمی خۆی و پاشەڕۆژ بێت و جێی خۆی لە دڵی خوێنەردا بکاتەوە.

چیرۆکنووسی نەمر و داهێنەر محەمەد مەولوود مەم-یش کە باسی ئەزموونی خۆی دەکات لە بارەی چیرۆکەوە، بە هەوەنتە نەیگوتووە: "چیرۆکنووس شاهێدی عەسری خۆیەتی".

ئەحمەد شاکەلیی نوێکاریش کە باسی چیرۆک دەکات، دەڵێ: "چیرۆک، ئیتر چەند خاڵێکی داگیرساوی پڕ لە ژیانە، یان مردنێکی ئامادە بە جۆرێ لە دەروونی هەموو وریایەکدا بتەقێتەوە: بۆچی؟ چۆن؟".

منیش لە ئاسانترین پێناسەی چیرۆکدا دەڵێم: جۆرێکە لە هونەری پەخشان و بەڵکو بەشێکیشە لەم هونەرە، کارەسات و ڕووداو و کێشەکانی ژیانمان بۆ دەگوازێتەوە. هەموو مرۆڤێک دەتوانێ ڕووداوەکانی ڕۆژانە و کارەسات و مەینەتییەکان و سەربوردەی خۆی و کەسوکاری بگێڕێتەوە. بەڵکو لە ژیانی هەر یەکێکماندا چەندەها چیرۆک هەیە، بەڵام چیرۆکی هونەری وەستایی و شارەزایی و کارامەیی پێویستە. هەر ئەوەشە چیرۆکنووسی باش و خراپ لێکتر جیادەکاتەوە.

**ڕووداو: چی کۆمەکی چیرۆکنووس دەکات، تاوەکو بتوانێت چیرۆکێکی باش بنووسێت؟ دواتریش مەرجی چیرۆکێکی باش بەلای تۆوە چییە؟**

**سابیر ڕەشید:** ئەوەی بەهانای چیرۆکنووسەوە دێت تا بتوانێت چیرۆکێکی باش بنووسێت، ئەوەیە کە دەبێت پێش هەموو شتێک چیرۆکنووسەکە پاشخانێکی ڕۆشنبیریی باشی هەبێت و شارەزای هونەری تەکنیکی چیرۆک بێت و ئاگاداری ڕەوتی چیرۆکی میللەتانی دونیا و دەوروبەر و چیرۆکنووسانی کوردیش بێت، چونکە زەخیرەی ڕۆشنبیری ئاسۆی بیرکردنەوەی چیرۆکنووس فراوانتر دەکات و دۆش دانامێنێ و دەتوانێ بچووکترین ڕووداو بکات بە چیرۆکێکی هونەریی سەرکەوتوو. بۆ ئەمەش دەبێ زمان و شێوەی نووسینی چیرۆکەکە پێوەری سەرکەوتنی بێت و نابێ فۆتۆکۆپی چیرۆکنووسانی پێش خۆی و هاوڕێیانی چیرۆکنووس بێت. جا بۆ ئەوەی بتوانێت چیرۆکێکی باش بنووسێت، دەبێ لە شێوە و ناوەڕۆکدا هونەرمەند و باڵادەست بێت، چونکە مەرجی چیرۆکی باش و خراپیش هەر بە ئاستی هونەرەکەیەوە جیا دەکرێتەوە، دەبێ لەلایەنی هونەرییەوە تۆکمە بێت و وەک کەسێکی ئاسایی کە ڕووداوێک یا بەسەرهاتێک دەگێڕێتەوە، وا نەبێت، ئەگەر وابێت هەموو مرۆڤێک سەدان و بگرە هەزاران چیرۆک لە ژیانیدا هەیە و دەیبیستێ و دەیبینێ، بەڵام مەرجی چیرۆکنووسی هونەرمەند و مەرجی چیرۆکێکی باش و سەرکەوتوو دەگەڵ چیرۆکێکی تر ئەوەیە کە چیرۆکەکە دەربڕی تاقیکردنەوەکانی سەردەمی خۆی و پاشەڕۆژ بێ و بەشێوەیەکی وا داڕێژرابێت کە بتوانێت جێی خۆی لە دڵی خوێنەردا بکاتەوە و دوای خوێندنەوەشی کاریگەرییەکی تەواو لە خوێنەر بکات. بەڵکو هەندێک جاریش لە چیرۆکی نوێدا کۆتاییەکەی دەدرێتە خوێنەری زیرەک، ئەو خوێنەرەی کە چیرۆکەکە وا کاری تێکردبێت، بتوانێت کۆتاییەک بۆ چیرۆکە دانەخراوەکە دابنێت، یان سەرەتایەکی تر بۆ کۆتایی چیرۆکەکە دەستپێبکات و بیبەهژێنێ و زەنگی ئاگادارکردنەوەی بۆ لێبدات.

**ڕووداو: ئەوە زمانە یان تەکنیکە کە شێوازی چیرۆک دیاری دەکات؟ دواتریش، ئایا لە ڕێگەی زمانەوە بەر ئەزموونێکی نوێی تەکنیک دەکەوین؟**

**سابیر ڕەشید:** خۆی زمان بەشێکە لە تەکنیک و پێداویستییەکی زۆر گرنگیشە، ئەگەر باسی شێوازیش بکەین، باسەکەمان دوورتر و درێژتر دەبێتەوە، ئەوەندە دەڵێم کە شێوازیش بێ زمان نایەتە دی، بەڵکو زمان وەک خوێ و بەهاراتی ناو چێشتە کە تام دەداتە چیرۆکەکە. زمان سەرەتای بوونە، زمان خانووی بوونە و لەو خانووەدا مرۆڤ نیشتەجێیە. هەڵەیە باسی مرۆڤ و بوون بکرێت و زمان پشتگوێ بخرێت، وەک چۆن هایدگەر دەڵێ: "زمان بریتییە لە خانووی بوون، کەواتە ئێمە نیشتەجێی ناو زمانین".

زمان لە دەقێکی ئەدەبیدا یەکێکە لە سیستەمە گرنگەکان کە پێویستە بە ئاگاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەین، هەر زمانیشە باڵەفڕە بە خەیاڵ دەکات، لە میانی زمانەوەیە نووسەر یا چیرۆکنووس دەتوانێ مەودای ڕوانینەکانی خۆی بەرفراوانتر بکات و مانا بێنێتەدی. کەواتە بە گوێرەی ئەم قسەیە، کێشەی زمان کێشەی مانایە، زمان بەرهەمهێنەری مانایە.

چیرۆک و هەموو ژانرەکانی ئەدەبی لە ڕێگای زمانەوە دروست دەبن، وەک چۆن مالارمێ کە لەبارەی شیعر و زمانەوە لێی دەپرسن، دەڵێ: "ئێمە بە زمان شیعر دروست دەکەین". بۆیە زمان ماهییەتێکی گەورە دروست دەکات، جگە لەوە ئەمڕۆ لە کێشەی زانستی زمان و هەموو بیردۆزەکانی بونیاتگەری و هەڵوەشاندنەوە و قوتابخانەکانی تر کە زمان بە بنچینە دەزانن، ئەوە زمان وەک سیستەمێکی دەلالیی بەرز تەماشا دەکرێ. بۆیە ئەستەمە بە هەر قوتابخانەیەکی ئەدەبی چیرۆک هەڵبسەنگێنین و شیکاری بکەین، ناتوانین بێ بنەما و بونیادی زمان تەماشای دەقی ئەدەبی بکەین و هەڵیوەشێنینەوە و ڕاڤەی بکەین و بیخوێنینەوە. بێگومان قوتابخانەی ڕەخنەی نوێ گرنگییەکی لە ڕادەبەدەر بەزانستی زمانەوانی دەدات و بگرە بە بنەما و بناغەی کارەکانی دادەنێت. ناشێ کە باسی زمان دەکەین ڕۆڵی (سۆسێر) لەبیربکەین، چونکە بەلای ئەوەوە جیاکردنەوەی بنەڕەتی (زمان) لە (قسە) بوو. بەلای سۆسێرەوە زمان بریتییە لە سیستەم و دامودەزگا و کۆمەڵێک فۆڕم، قسەش دەربڕینە واقیعییەکەی ئەو سیستەمەیە لە قسەکردن و نووسیندا. نامەوێت زیاتر باسی ڕۆڵی زمان بکەم، وەڵامەکەم بەوەندە کورت دەکەمەوە و دەڵێم: ئەوە زمانە کە بەشێکە لە تەکنیک و هەر لە ڕێی زمانیشەوەیە شێواز سەرکەوتن وەدەستدێنێ و چیرۆکی باشی پێ جیا دەکرێتەوە.



**ڕووداو: ئەگەر ئاوڕێک لە مێژووی چیرۆکی کوردی بدەینەوە، دەبینین هەندێک لە چیرۆکنووسان گوتە و ڕستەی تەمومژاوییان خستووەتە ناو چیرۆکەکانیانەوە کە ئەوە هونەری گێڕانەوەی چیرۆکەکانی ئاڵۆز کردووە، تۆ ئەمە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

**سابیر ڕەشید:** ئەوەی لە دەیەی حەفتاکاندا لە چیرۆکی کوردیدا بەدی دەکرێت و دوای ئەم قۆناغە لەلای هەندێک چیرۆکنووسی قۆناغی دوای ڕاپەڕینیش بەدی دەکرێ، ئەوا پشتبەستنە بە ڕەمز یان هێما یان جەفەنگ. هەندێجار ئەم ڕەمز و هێمایانە لەلای هەندێک چیرۆکنووس بە پەردەیەکی پڕ لە پێچاوپێچ و ئاڵۆز و قورس داپۆشراون، تا مەبەستی چیرۆکنووس بشارێتەوە کە ڕەنگە نەتوانێ بە شێوەی هێمایەکی ساکار دەربڕێ، یا نەتوانێ بەشێوە ئاساییەکەی خۆی باسی بکات. بۆ ئەمەش گیاندار و درەخت و ژوور و دیوار و سوودوەرگرتن لە مێژوو و هەموو شتێکی تری ماددی و نامادی دەکاتە هێما و لەو ژێر پەردەیەوە دەیەوێ شتێک بڵێ. ئەمەیش خوێنەری ئاسایی تێیناگات، بەڵکو ڕەخنەگرێک یا خوێنەرێکی زیرەکی بەسەلیقەی دەوێ تێبگات. ئەوەش لایەنی نێگەتیڤی بۆ چیرۆکەکە هەیە، چونکە ئاڵۆزیی شێواز و تەکنیکی چیرۆکنووس، خوێنەر تووشی ئاڵۆزیی چێژوەرگرتن دەکات و لە توانای بەدواداچوون و بەردەوامی دایدەبڕێ. ئەمەش ئەرکی خوێنەر و ڕەخنەگری بەسەلیقە قورستر دەکات، تا دەلالەتە شاراوەکانی دەقەکە بدۆزێتەوە، بۆیە پێویستە چیرۆکنووس لەگەڵ بەکارهێنانی هێما و ڕەمز و ئاڵۆزی و بەکارهێنانی جۆرەکانی فانتازیای ڕووداو و ڕستە و گێڕانەوە و فانتازیای دەروونی و وێنەیی و هەموو جۆرەکانی نامەئلوفیەتی ڕووداو و گێڕانەوە و بەکارهێنانی خەیاڵ، تا ئەوپەڕی ڕەهایی و خەیاڵی قووڵ ئاگای لەوە هەبێت. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی هونەری گێڕانەوە دروستکردنی جیهانە لە ناوەوەی مانادا و ڕووخاندنی ئەو جیهانە ئەزەلیەی دەرەوەیە کە ژیان لە مانا بەتاڵ دەکات. دەکرێ جیهانێک بخولقێنین کە پلەی جیای ئاڵۆزی وەربگرێت، ئەویش دەبێ پشت بەو جیهانبینییە و گۆشەنیگایە ببەستێ کە لێیەوە چیرۆکنووس تەماشای ژیان دەکات و لێی دەکۆڵێتەوە و باسی دەکات.

نموونەی ئەم چیرۆکانە لە دەیەی حەفتاکاندا لە هەندێک لە چیرۆکەکانی (ئەحمەد شاکەلی) و (کاکەمەم بۆتانی) و (حوسێن عارف) و (عەبدوڵڵا سەراج)دا هەیە. هی هەشتاکانیش لە هەندێک چیرۆکی (جەلیل کاکەوەیس) و (جەبار جەمال غەریب) و (محەمەدەمین ئەحمەد) و چەند چیرۆکنووسێکی تردا. هی دوای ڕاپەڕینیش لە هەندێک چیرۆکی (یوسف عیزەدین) و ( بەیان سەلمان) و (ڕێبوار حەمەڕەحیم) و هی تریشدا. ئەمە بەڕای من دەکرێ وەک مۆدیل و ستایلێکی نوێ تەماشا بکرێت کە بێگومان ئەم قوتابخانەیە لە فەڕەنسا سەری هەڵدا و پەیدابوو. پێیان دەگوتن: شەپۆلی قوتابخانەی نوێی فەڕەنسی. چیرۆکنووس و ڕۆماننووسیش پاساوی خۆیان هەبوو بۆ بەکارهێنانی تەمومژ و قورسیی نووسین، بۆ نموونە نووسەرانی وەک (ئالان ڕۆب گرێ ) و (کلۆد سیمۆن) و هی تریش. هەروەها پەیدابوونی چیرۆک و ڕۆمانی ئینگلیزیی نوێ وەک (جێمس جۆیس) و (ڤێرجینیا وۆلف) کە ئەوانە لایان وابوو تێگەیشتن لە دەق مانای خۆکوژیی چیرۆکنووس دەگەیەنێ، بۆ نموونە (کلۆد سیمۆن)ی فەڕەنسی دەڵێ: "هەوڵدان بۆ تێگەیاندنی هەموو خەڵک، لەناوبردنی بەرهەمی هونەری و شێتی دەگەیەنێت!". بێگومان ئەدەبی عەرەبی و تورکی و ئێرانی و میللەتانی تریش چەندان چیرۆکنووسیان بەم دوو قوتابخانەیەی فەڕەنسی و ئینگلیزیی نوێ کاریگەر بوونە. لە ئەدەبی کوردیشدا چیرۆکنووسانی کورد کاریگەریی ئەم دوو قوتابخانە نوێیە بەئاشکرا لەسەر بەرهەمی زۆر لەو چیرۆکنووسانەی ناومان هێنان دەبینرێ، بەڵام هەندێکیان ڕەمز و هێما و شاردنەوەکانیان کەوتووەتە ژێر پەردەیەکی ڕوونترەوە و خوێنەر و ڕەخنەگری ئاسایی دەتوانێت بەئاسانی مانای شارداوەی دەقەکانیان بدۆزێتەوە. بێگومان ئەوەش بە خەوش ناژمێردرێت، بەڵکو لە ڕەوتی چیرۆکی کوردیدا چەند چیرۆکنووسێکی بەتوانا نوێکاریی خۆیان پێ ئەنجامداوە.

**زمان وەک خوێ و بەهاراتی ناو چێشتە کە تام دەداتە چیرۆک**

**ڕووداو: ئەدەبی پۆستمۆدێرن کاریگەریی لەسەر چیرۆکی کوردی داناوە؟ یان چیرۆکی کوردی چۆن خۆی ئاوێتەی ئەدەبی پۆستمۆدێرن کردووە؟**

**سابیر ڕەشید:** هەندە لەمێژ نییە نوێکاری لە چیرۆکی کوردیدا پەیدابووە، ئەوەی هەیە چەند چیرۆکنووسێکی پێش ساڵانی حەفتاکان و دواییش لە دەیەی حەفتاکاندا نەخشەی چیرۆکی نوێی کوردییان دانا، ئەوانە بە پەنجەکانی یەک دەست دەژمێردرێن و دوای ئەوەش لە دەیەی هەشتاکاندا هەندێک چیرۆکنووسی تر پەیدابوون کە نوێکارییان هەر درێژەپێدەری دەیەی حەفتاکان بوو. دوای ڕاپەڕینیش نەوەیەکی تری نوێخواز پەیدابوون، ئەوانیش هەر چەند کەسێکن و هەندێکیان لە نووسین کەوتن و کشانەوە، ئەوەی ئێستاش دەیبینین، هەر درێژەپێدانی چیرۆکنووسانی پێش خۆیانن. بۆ وەڵامی پرسیارەکەشتان دەڵێم: نەخێر! جارێ هیچ چیرۆکێکی پۆستمۆدێرن لە ئەدەبی کوردیدا پەیدا نەبووە، ئەوەندەی من ئاگاداری هەموو چیرۆکنووسانی هەموو قۆناغەکانی چیرۆکی کوردیم، من هیچ چیرۆکێکی پۆستمۆدێرنم نەخوێندووەتەوە یا من چاوم پێی نەکەوتووە. ئەوەی لە ئێستادا هەیە شێواز و ڕێچکەی جیاوازی نوێخوازین یان نوێکارین، بەڵام چیرۆکی پۆستمۆدێرنیزم جارێ هێشتا خۆی نەخزاندووەتە ناو چیرۆکی کوردییەوە.

**ڕووداو: ئایا ڕەخنەی کوردی توانیویەتی لەگەڵ هەڵزنانی چیرۆک بە باڵای گێڕانەوەوە، هەنگاو بنێت؟**

**سابیر ڕەشید:** هەندێک چیرۆکنووس کە پرسیاریان لێ دەکەن، ئایا ڕەخنەی چیرۆکی کوردی لە چ ئاستێکدایە؟ بێ هیچ سڵەمینەوەیەک دەڵێن: ڕەخنەی چیرۆکی کوردی لە قەیراندایە... من وەک ئەو چیرۆکنووسانە نیم و ڕاشم وەک ئەوان نییە و ئەوەندە بێ ویژدان نیم خەتێکی ڕاست و چەوت بەسەر هەموو ڕەخنەی چیرۆکی کوردیدا بێنم و بڵێم هیچمان نییە. نەخێر لێرەو لەوێ چەند کەسانێک هەن ژیانی خۆیان بۆ ڕەخنە و هەڵسەنگاندنی چیرۆکی کوردی تەرخان کردووە و چەندان توێژینەوەی نامەی دکتۆرا و ماستەریشمان هەیە. بۆ هەڵسەنگاندنی قۆناغە جیاجیاکانی چیرۆکی کوردی، من لە کتێبی خۆمدا (چیرۆکی کوردی – ڕەخنە و لێکۆڵینەوە) کە ئەمساڵ چاپی دووەمم کرد، وەڵامی ئەم پرسیارەم بە درێژی داوەتەوە. ئاخۆ چیرۆکی کوردی و ڕەخنەی چیرۆکی کوردی لە قەیراندایە؟ بگرە ناوی هەموو خاوەن توێژینەوە و ڕەخنەگرانەی چیرۆکی کوردیشم تۆمار کردووە. لێرە پێویست ناکات ناویان دووبارە بکەمەوە، بۆیە لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەڵێم: بەڵێ ڕەخنەی چیرۆکی کوردی هەیە، بەڵام وەک ئەدەبی دونیا و ئەدەبی میللەتانی تر نییە. شانبەشانی چیرۆکەکە بزاڤی نییە، بەڵکو چەندان دەقی ناوازە و چەندان کۆمەڵە چیرۆک بێناز دەکەونە بازاڕ و تێدەپەڕن مەگەر نەوەی دوای خۆیان ئاوڕیان لێ بدەنەوە کە هەندێکیان شایەنی خوێندنەوە و ڕەخنە و لێکۆڵینەوەن. بەداخەوە گرووپچێتی و خزم خزمێنە و شارچێتی و برادەرایەتی و زۆر هۆکاری تریش لە پشت لاوازیی بزاڤی ڕەخنەی چیرۆکەوەن کە نەدەبوو وابێت، بەڵکو دەقی جوان هی هەر کەسێک بێت پێویستە ڕەخنەگری بە سەلیقە ئاوڕی لێ بداتەوە. داخی گرانم ئێمە خۆمان وەک چیرۆکنووس زۆر جاران لەبەر نەبوونی ڕەخنەگری بە ئینساف و کەمیی بزاڤی ڕەخنەی چیرۆکی کوردی، لەسەر حیسابی چیرۆکنووسینی خۆمان پەنامان بۆ نووسینی ڕەخنە و لێکۆڵینەوە لە چیرۆک و ڕۆمانی کوردی بردووە. من و جەلیل کاکەوەیس هەموو جار پێکەوە دڵی خۆمان دەدەینەوە کە بەشێکی کاتی چیرۆکنووسینی خۆمان بۆ ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی چیرۆک و ڕۆمانی کوردی تەرخان کردووە. بێگومان ئەگەر بزاڤی ڕەخنەی چیرۆکی کوردی باش بایە، ئەوا کاتی خۆمان بۆ ئەو بوارە تەرخان نەدەکرد. بۆیە دەڵێم: داخی گرانم ڕەخنەی چیرۆکی کوردی نەیتوانیوە شانبەشانی هەڵزنانی چیرۆک و ڕۆمانی کوردی هەنگاو بنێ، بەڵکو لەناوەندی ڕێگاکەیە و ماوەیەتی بگاتە ئەم کاروانە.

**ڕووداو: چیرۆکی کوردی لە کوێی چیرۆکی دونیادایە؟**

**سابیر ڕەشید:** بێگومان چیرۆکی کوردی ئاستێکی باشی بڕیوە و هەندێک دەقی چیرۆکمان هەن ئەگەر وەربگێڕدرێنە سەر زمانە زیندووەکانی دنیا، دەتوانن ڕوویەکی گەشی چیرۆکی کوردی بە ئەدەبیاتی دنیا نیشان بدەن، بەڵام مخابن ڕەوتی وەرگێڕانی چیرۆکی کوردی بۆ ئەدەبیاتی دنیا و میللەتانی دەوروبەرمان لە ئاستی پێویست نییە و کەمتەرخەمییەک هەیە، چونکە ئەوانەی زمانە زیندووەکانی دنیا دەزانن، زۆربەی کاتی خۆیان بۆ وەرگێڕانی شاکارەکانی دنیا تەرخان کردووە تا وەریبگێڕن بۆ زمانی کوردی، کەچی بزاڤە پێچەوانەکە لاوازە و بگرە لە خانەی دەگمەنیش دادەنرێ.

من وای دەبینم چیرۆکی کوردی شانبەشانی ئەدەبی دنیا وردە وردە بەرەوپێش دەچێت و ئێمە هیچمان لەوان کەمتر نییە، بەڵام پێویستمان بە دڵسۆزان و خەمخۆرانی ئەدەبی کوردی هەیە، بەتایبەتی ئەوانەی لە مێژە لە دەوڵەتانی دنیان و زمانی ئەوان بە باشی دەزانن.

**جارێ هیچ چیرۆکێکی پۆستمۆدێرن لە ئەدەبی کوردیدا پەیدا نەبووە**

ئاخر بۆچی لە وەرگێڕانی نموونەی چیرۆکی کوردیدا کەمتەرخەمن؟

زۆر چیرۆکنووسمان هەن ئەگەر لە ئاستی ئەدەبی دونیادا زیاتر نەبن، کەمتر نین. بۆچی ئەدەبیاتی دنیا ئەم دەقە جوانانە نەبینێ؟ ئەمساڵ دوو ڕۆمانی (بەختیار عەلی) وەرگێڕدرانە سەر زمانی ئەڵمانی و بینیمان چ کاردانەوەیەکی باشی هەبوو. بێگومان ئەگەر دەقەکانی تری ڕۆمان و کورتەڕۆمان و کورتە چیرۆک و کورتیلە چیرۆک و چیرۆکی کوردیش زیاتر وەربگێڕدرێن بۆ سەر زمانە زیندووەکانی دینا، من دڵنیام زیاتر ڕووی گەش و ئاستی پێشکەوتن و جوانیی چیرۆک و ڕۆمانی کوردی لەنێو ئەدەبیاتی دنیادا دەبینرێ.

**من ئەوەندە بێ ویژدان نیم خەتێکی ڕاست و چەوت بەسەر هەموو ڕەخنەی چیرۆکی کۆردیدا بێنم**




# سینەمای نەتەوەیی کوردی و "ساتێك بۆ مەستیی ئەسپەکان"



**■ پەری کەریمی نیا**

**بەشی یەکەم**

کورد گەورەترین نەتەوەی دونیایە کە خاوەنی دەوڵەتی خۆی نییە. ئەوەش شتێکی حاشاهەڵنەگرە کە کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خاوەنی مێژوویەکی درێژ نییە لە بواری دروستکردنی فیلمدا. (ساتێک بۆ مەستیی ئەسپەکان- 2002) یەکەم فیلمی بەڵگەیی - چیرۆکی کوردییە کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرهەم هێنراوە و دەرهێنەرەکەی بەهمەن قوبادییە. وەکوو یەکەم فیلمی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەم فیلمە هەڵگری چەمکەکانی سینەمای نەتەوەیی کوردییە. ئەم باسە لەم وتارەدا زیاتر لێکدەدرێتەوە . ئەم وتارە هەروەها ئەوەش شی دەکاتەوە کە ئەم فیلمە تا چ ڕادەیەک کاریگەریی لەسەر مێژووی کورد وەک نەتەوەیەکی بێدەوڵەت هەبووە. لە بەشێکی دیکەی ئەم وتارەدا، پێناسە و چەمکەکانی سینەمای نەتەوەیی بە گشتی دەدرێتە بەر ڕەخنە و لێکۆڵینەوە. لەم بەشەدا تەنگەبەربوونی پێناسەی سینەمای نەتەوەیی، زیاتر تیشک و ڕەخنەی دەخرێتە سەر، بە مەبەستی بەهێزترکردنی ڕەخنەکە، ئەم وتارە کەڵک لە یەکێک لە تیۆرییەکانی هانا ئارێنت وەردەگرێت کە باس لە "ڕەفزکردنی مافی مرۆڤ" دەکات. بۆ ئەوەی کە ڕەخنەکە بەرینتر بکرێتەوە، فیلمی (چ- 2014)ی ئیبراهیم حاتەمی کیا وەک نموونە هەڵدەسەنگێنین. هەندێ چەمک کە دەبنە هۆی ئەوەی جیاوازی لە نێوان نەتەوەکاندا پێکبێت، ئەوانیش بریتین لە خاک، دابونەریت و چارەنووس.

دەیڤید مۆرلی و کێڤین ڕۆبینس پێیانوایە "نەتەوە کۆمەڵێک خەڵک لە دەوری یەکدی کۆدەکاتەوە کە خاوەنی شوناسی هاوبەشن و... وەک سیمبولێک یەکبوون و مانابەخشی بەرهەم دەهێنن". خەڵک لەناو دەوڵەت- نەتەوەدا، پێویست ناکات لەسەداسەد لە یەک شوێنی جۆگرافیی ڕامیاریدا کۆببنەوە بۆ ئەوەی هەست بەوە بکەن کە سەر بە دەوڵەت-نەتەوەن. چونکە دەکرێت تاکێک لە مەنفا بێت، بەڵام هێشتا پێی وابێت بەشێکە لەو کۆیە گەورەیەی دەوڵەت-نەتەوە . بە کورتی ئەوە ئەو مانایە دەبەخشێت کە پێویست ناکات تاک لەناو دەوڵەتێکدا بێت ئەوجا هەست بەوە بکات کە بەشێکە لە جەماوەر، بەڵکوو هەر بە هەبوونی دەوڵەت، هەستی ئەوە بەرهەم دێت کە تاک خۆی بە بەشێک لەو دەوڵەتە بزانێت. کەواتە دەوڵەت ـ نەتەوە پێویستی بەوەیە کە سینەمای نەتەوەیی هەبێت بۆ ئەوەی ئەزموونە هاوبەشەکانی نەتەوە دەرببڕێت، ئەو ئەزموونانەی کە ئەوان وەک دەوڵەت ـ نەتەوە پێناسە دەکات.

یەکێک لە چەمکەکانی سینەمای نەتەوەیی دەقی فیلمەکەیە "ساتێک بۆ مەستیی ئەسپەکان" لەبارەی خەڵکی کوردەوەیە، گەورەترین نەتەوەی بێدەوڵەت کە لە نێوان چوار وڵاتدا دابەش بووە: ئێران، عێراق، تورکیا و سووریا. چیرۆکی فیلمەکە لەبارەی ئەو کۆڵبەرانەیە کە لە سنووری نێوان ئێران و عێراقدا دەژین. خەڵکەکە گوشارێکی زۆری ئابوورییان لەسەرە، هەر بۆیە دەستدەکەن بە قاچاخبردنی شتومەک لە نێوان دوو سنوورەکەدا. کەمین و ناوچەی مینرێژی نەناسراو دوو ڕاستین کە ژیانی خەڵکیان خستووەتە مەترسییەوە. بۆ نموونە، باوکی ئەیوب هەر لە سەرەتای فیلمەکەوە نیشان دەدرێت کە دەکوژرێت. ئەیوب کە منداڵی گەورەی خێزانەکەیە و تەمەنی هەر 10 ساڵ دەبێت، دەبێتە نان پەیداکەری ماڵەوە و کارەکەی باوکی درێژە پێدەدات.

فیلمە بەڵگەیی ـ چیرۆکییەکەی قوبادی، گێڕەرەوەیەکی هەیە ناوی ئامینەیە. گێڕەرەوە بەشێوەی دەنگ لەسەردانراو voice over دەردەکەوێت. ئامینە کچێکی کەم تەمەنی بێ دایکە کە کار دەکات و شتومەک بۆ کرپاران و ڕێبواران دەپێچێتەوە. گێڕەرەوە بە فارسی چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە. فارسییەک کە شێوەزاری تۆخی زمانی کوردی بەسەریدا زاڵە. گێڕەرەوە چیرۆکەکە بۆ چوار بەش دابەش دەکات. لە سەرەتای فیلمەکەدا ئامینە خۆی و بنەماڵەکەی دەناسێنێ. لە چرکەی "13: 01" دیسانەوە دەنگی دەبیسرێتەوە کە ئەوە ئاشکرا دەکات ئەیوب بووەتە گەورەی خێزانەکەیان. لە زەماوەندە ڕێکخراوەکەی ڕۆژینی خۆشکیدا، گێڕەرەوە بێدەنگی هەڵدەبژێرێت و چیرۆکەکە ناگێڕێتەوە و بینەر بەجێدەهێڵێت بۆ ئەوەی خۆی سەیری بکات و ئەو نادادپەروەرییە بە تەنێ هەڵبسەنگێنێت. دەنگی گێڕەرەوە دەبیسترێتەوە ئەو کاتەی کە ئەیوب بڕیار دەدات بچێت بۆ باشووری کوردستان. ئەمە دوا دەنگی گێڕەرەوەیە کە لە چرکەی 42دا دەبیسرێت. لە کۆتاییدا، چیرۆکەکە بە سەرکەوتن کۆتایی دێت و ئەیوب سنوور تێدە پەڕێنێت. بینەر گۆرانییەکی شاد بە چەپڵەڕێزانەوە دەبیستێ.

هەرچەندە بابەتی فیلمەکە بابەتێکی خۆماڵی و ناوچەییە و ئەو بەشە سەختە لە ژیانی خێزانێکی کورد دەنوێنێ کە لە ناوچەیەکی شاخاوی و بەفراویدا دەژین، بەڵام لە هەمان کاتیشدا قسەکردن لەسەر مەیدانی مین، منداڵ و مافەکانی و ئازارەکانی مرۆڤ بابەتێکی جیهانییە.

حەمید دەباشی 2014 ژیانی ئەو منداڵانە بە "توندوتیژییەکی ئاژەڵی" وەسف دەکات. لە چاوپێکەوتنێکی نێوان بەهمەن قوبادی و دەیڤید واڵش-ی ڕۆژنامەنووسدا، واڵش دەڵێت: "ئێمە لەسەر ئەو فیلمە ڕادەوەستین نە لەبەر ئەو هۆیە سادەیەی کە کورد کێشەی هەیە، بەڵکوو لەبەرئەوەی کە خەڵک لە هەموو شوێنێکدا ئازار دەچێژن". هەر لە هەمان چاوپێکەوتندا قوبادی ئاماژە بە ئەزموونێکی خۆی دەکات لەو کاتەی کە ئەو فیلمەی لە ئەمریکا بڵاوکردووەتەوە . قوبادی دەڵێت: "ژنێک بە چەپکێک سەد دۆلارییەوە هات بۆ لام و گوتی "تکایە ئەم پارەیە وەربگرە و بیدە بەو منداڵانە".

ئەم کاردانەوانە لەسەر چۆنایەتیی فیلمەکە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە ئەم فیلمە جیهانییە. ئەم فیلمە ناوچەیی یان تەنیا بۆ ناوخۆ نییە، بەڵکوو ڕوو لە دەرەوەشە و دەرەوەی کۆمەڵگای کوردیش دژکردەوەی بەرامبەر دەنوێنن. نموونەی هەرە زیندوو دەتوانێت ڕواڵەتی ئامینە بێت کە بە چاوە تیژەکانییەوە، بەو دەنگە منداڵانەیەوە، دەتوانێت وەک نموونەیەکی جیهانیی هەموو منداڵێکی بێتاوان سەیری بکرێت کە شوێنی ژیانیان پارێزراو نییە و گیانیان لە مەترسیدایە.

***خوێندکاری ماستەر لە بواری ئەدەبیات و سینەما لە زانکۆی یۆرک ـ بەریتانیا**

# ئەو ئاشانەی "تەنز" ئەهاڕن!



**■ خاڵۆ ڕەئوف**

1. ساڵانێک لەمەوپێش لە ماڵی خاڵم بووم، باسی مەتەڵم کرد و وتم بەهیوام مەتەڵ کۆبکەمەوە. خاڵم گوتی بەهیوای وەکوو مامۆستا قانع ببی بە شاعیر؟ (خاڵم نەخوێندەوارە و هەر ئەوەندەی لێ ئەزانێ).

2. لە بەرنامەیەکی ڕادیۆییدا گوتم — و ئێستاش ئەیڵێم- شیعر لە کورد داماوترە! هەر کەسێک قەڵەمێک و کاغەزێکی دەستبکەوێ- یان موبایلێکی هەبێ-، کۆمەڵێ وشە ڕیز ئەکا و لەوانەیە بڵێ سێ بە سێ تەڵاقم کەوتبێ کەس لە من شاعیرتر نییە. ئەگەر کچ/ ژنیش بێ، ئەکرێ پەنا بۆ تەڵاقی باوک و برا ... ببا! (کوردیزانیش نەبی و نەیشزانی کوردی بنووسی، نە عەیبە، نە گوناهە! ئێستە ئاسانترە: جاران لە شیعردا وشەکان لابەلا ئەنووسران و ئاسۆیی، ئێستا ژێربەژێر ئەنووسرێن و ستوونی).

3. ڕەخنە، لایەنە شاراوەکان دەرئەخات. ئەو لایەنانەی لەوانەیە منی بەردەنگ نەیدۆزمەوە، ڕەخنەگر چرایەکی لەسەر دائەگیرسێنێ. (ڕەخنە، ڕەخنەیە و هیچی تر. ڕەخنە دوژمن نییە، ماستاوچیش نییە. بە کوردی و بە کورتی: ڕەخنەی ڕووخێنەر بوونی نییە. کوتەکی "ڕەخنەی ڕووخێنەر" بەدەستی دەسەڵات و ئەو کەسانەوەیە کە نایانەوێ تیشکی ڕەخنە بیانگرێتەوە).

4. ئەکرێ بڵێین هەر بەرهەمێک کە بتوانێ بزە و پێکەنین بخولقێنێ، بەگشتی ئەچێتە ژێر چەتری تەنز، بەڵام بە شێوەیەکی وردتر، تەنز لەو بەرهەمانەدا ئەبینرێ کە هەم پێکەنین دێننە سەر لێوان و هەم ڕەخنەیش ئەگرن. (تەنز ڕەخنەگرتنی تیایە و خۆی لە هەجو و داشۆڕدنی کەسەکان جیادەکاتەوە. ئەو ڕەخنانەی لە هەجو و داشۆڕیندا هەن، بۆ مەبەستی تاکەکەسین. ڕەخنەی ناو تەنز ئامانجی گەورەتری هەیە).

ئەمانەی خوارەوە بەشێکن لەو هۆکارانەی کە ناهێڵن تەنز لای ئێمە بە باشی گەشە بکات:

– ئەوانەی دێنە جیهانی نووسینەوە، هەر لە یەکەم ڕۆژەکانەوە ئەبن بە شاعیر و نالی و مەحوی بە شاگرد ڕاناگرن و کەسێک نییە پێیان بڵێ ئەکرێ لە تەنزنووسینیشدا سەرچۆپی بگرن!

– نارِوونیی بوارەکە و تەنانەت لێڵیی زاراوەی ئەم بوارە. بۆ نموونە ئەم وشانە و وشە کوردییەکانی دیکە — ئەگەر بوارەکە بەگشتی ناوی تەنز بێت- لە کوێ دائەنرێن: تارووز، پلار، هەنەک، تیز، تانە، لاقرتی و ...

– بڵاوکراوەکان، یا تەنز و تەنزنووس بە هەند وەرناگرن، یا بەرهەمی لاوازی وا چاپ ئەکەن کە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە ناشێن.

– زۆربەی خوێنەران (لەناو ئەو هەموو خوێنەرەی کە نیمانە!)، تەنز بە گاڵتەوگەپ ئەزانن و لەوانەیە قەت ڕووی تێنەکەن یان ڕووتێکردنەکەیان بۆ پێکەنین و ڕابواردن بێ و هیچی دی.

– لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا، بە گشتی، سەرجەم دەسەڵاتی سیاسی و عورفی و... لە تەنز ئەترسن و تەنز بە ڕکابەرێکی دزێو و بگرە بە دوژمنی ئەزانن. لەوانەیە هەندێ خاوەن دەسەڵاتیش هەبن کە دژایەتیی تەنز و تەنزنووس نەکەن، بەڵام هەوڵ ئەدرێ تەنانەت دەنگی ئەوانیش کپ بکرێتەوە.

– کچ/ ژن ڕوو لە تەنزنووسین ناکەن، یا زۆر کەم و نادیارن. لە گەلانی تریشدا یان کەس نییە، یا زۆر کەمن. باسکردن سەبارەت بە نەهاتن یا کەم هاتنی ژنان بۆ ئەم بوارە، دەرفەتێکی تر و وردبوونەوەیەکی فرەتر ئەخوازێ.

– منداڵان لەم بوارەشدا ون کراون. ئەو توانایی و وردبینییەی لە هەندێ لە منداڵاندا هەیە، ئەکرێ لە تەنزنووسیندا بخرێتە گەڕ، کەچی ئەگەر قوتابییەک لە قوتابخانەدا بە نووسینێکی تەنز ڕووبکاتە مامۆستایەک، یا بەڕێوەبەری قوتابخانە، لەوانەیە لە قوتابخانە دەربکرێ. مامۆستایان و بەتایبەتی مامۆستایانی وانەی ئەدەب، ئەتوانن لەم بوارەدا زۆر چالاکانە کار بکەن و ئەو منداڵانە بە باشی ڕابهێنن کە لەم بوارەدا توانایان هەیە. ئەشتوانن مامۆستاکان و بەڕێوەبەرەکانی تریش ئاگادار بکەنەوە لەوەی کە تەنز سووکایەتیکردن نییە، بەڵکوو تەنز تیشکێکە ئەتوانێ ڕێگامان بۆ ڕووناک بکاتەوە.

# گۆڕانی چەمکی هونەری شێوەکاری



**■ سەنگەر قوباد**

پێناسەیەکی باو بۆ هونەری شێوەکاری هەیە کە ئەمەیە "نەبوویەک بە هەبوو بکرێت، نەک هەبوویەک دووبارە بکرێتەوە". واتا کارێک بە هونەر هەژمار دەکرێت کە شتێک لە نەبووەوە بە هەبوو بکات. فاکتێکی نوێ بخوڵقێنێت. بە دەربڕینێکی دیکە، هونەر واتا داهێنان، داهێنانیش واتا دروستکردن یان خوڵقاندنی شتێکی نوێ. ئەگەر کرۆکی هونەر داهێنان نەبێت، ئەوا هەموو کەسێک دەتوانێ کاری دانەهێنراو بکات، دەتوانێ واقیع کۆپی بکاتەوە.

ئاخۆ لەوەتەی دونیا دونیایە هیچ شێوەکارێکی ڕیالیستی توانیویەتی نەبوویەک بە هەبوو بکات؟ توانیویەتی شێوەیەکی نوێ کە لە شێوە بینراوەکانی ئەم وجودە نەچێت، دروست بکات؟ توانیویەتی فاکتێکی نوێ بەرهەم بهێنێت؟ زۆر جار بەشێک لە شێوەکارانی کورد خۆیان بە بابەتی بەرگریکردن لە هونەری ڕیالیستەوە سەرقاڵ دەکەن و وای بۆ دەچن کۆپیکردنەوەی گۆشە جیاجیاکانی ئەم جیهانە بینراوە هونەرە! لە کاتێکدا ئەوەی ئەوان دەیگوازنەوە هەمان ئەو دیمەنانەن کە ئێمەی مرۆڤ ڕۆژانە دەیانبینین. ئاخۆ شتێک کە ڕۆژانە دەبینرێ چ پێویست دەکات شێوەکارێک بە هونەر بە بینەری بفرۆشێتەوە؟ بۆ بینەر ناتوانێ ئەو دیمەنانە لە نزیکەوە ببینێ و بۆنی بچێژێ و هەستی پێ بکات؟ باشتر نییە بە شێوەیەکی بەرجەستە و مەلموس دیمەنەکان ببینێت، وەک لەوەی بە وێنەیەکی سڕبوو ببینێت؟ هیچ جیاوازییەک لە نێوان شێوەکارێکی ڕیالیستی و کۆمپانیایەکی گواستنەوەی کەلوپەلدا هەیە؟ هەردووکیان یەک وەزیفەیان هەیە کە گواستنەوەی شتێکە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، یەکەمیان شێوە دەگوازێتەوە و دووەمیان کەلوپەل.

بینەری هۆشیار و خاوەن پاشخانی ڕۆشنبیری، هەرگیز سەردانی پێشانگەیەک ناکات کە کارەکانی بە شێوەیەکی ڕیالیستی کێشرابن، چونکە هەمان ئەو وێنانەیە کە لە شارەکەی و وڵاتەکەی و جیهانەکەیدا هەن. ئەو دەزانێ پێویستی بە بینینی ئەو وێنانە نییە، چونکە دەتوانێ ئەو وێنانە بە شێوەیەکی بەرجەستە و جووڵاو و هەستپێکراو ببینێت.

هونەر ئەوەیە شێوە و ناوەڕۆکێکی نوێ بخوڵقێنی، ئەمەیش تەنیا بە هونەری نوێ دەکرێت، هونەری ناڕیالیستی. چونکە ئەم هونەرە شێوە و دەربڕینێک دەخاتە ڕوو کە لەم وجودەدا بوونی نییە، شتێکی نەبووە و هونەرمەند بە هەبووی دەکات. بۆیە بەمە دەگوترێ "داهێنان" کە شتێکی نوێ دادەهێنێت. هەر ئەمەیە وا دەکات کارە هونەرییە نوێیەکان واتا و دەلالەتی جیاوازیان پێ ببەخشرێت، چونکە شتێک نییە پێشتر هیچ کەس بینیبێتی. وەزیفەی هونەرمەند خوڵقاندنە نەک کۆپیکردن.

بۆچی هونەرمەندە شێوەکارە بەئاگاکان لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و لە سەرەتاکانی سەدەی بیستدا هونەری ڕیالیزمیان بەجێهێشت؟ چونکە هەستیان بە دانەهێنان لە هونەری کەتواریدا کرد، بۆیە بە ئاڕاستەی هونەری نوێگەری هەنگاویان نا و قۆناغ بە قۆناغ بەردەوامییان بە نوێبوونەوەی هونەر دا.

ئاساییە هونەرمەند بابەت لە واقیعەوە وەربگرێت، بەڵام ناکرێ بە فۆڕمێکی واقیعی بە بینەری ببەخشێتەوە. چونکە بەم هونەرە دەگوترێ "شێوەکاری"، شێوەکاریش بە نمرەی یەک کارکردنە لەسەر شێوە. بۆیە دەبێ شێوەکانی لە شێوەکانی واقیع نەچن، شێوەگەلێکی نوێ بن. هەر بابەتێکیش لە کەتوارەوە وەردەگرێ، دەبێ تێگەیشتنێکی نوێی بداتێ.

کاتێک شێوازی کارکردنی ڕیالیزم بە هونەر هەژمار کراوە کە دەرک بە چییەتیی هونەر نەکراوە، بەڵام دوای ئەوەی لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیستدا دەرک بە چییەتی هونەر کرا، ئیدی چەمکی هونەری شێوەکاری گۆڕا. جێمس وستلەر لە چارەکی کۆتایی سەدەی نۆزدەدا، دەڵێ "دەبێ هونەری شێوەکاری گرنگی بە بەرجەستەکردنی ڕیتمە ڕەنگییەکانی جیهانی دەوروبەرمان بدات، وەک چۆن میوزیک ڕیتمە دەنگییەکانی جیهانی دەوروبەرمان بەرجەستە دەکات". ڤاسیلی کاندینسکی لە سەرەتاکانی سەدەی بیستدا دەڵێ: "باشترە هونەری شێوەکاری کار لەسەر ئەودیوی شتە بینراوەکان بکات، تا ڕەگەزە ناوەکی و ڕۆحییەکان وێنا بکات". کەوایە ئەوەی لە قۆناغی نەزانیندا کراوە وەک قۆناغێکی مێژوویی بە هونەر هەژمار دەکرێت، وەلێ ئێستا شێوازی کارکردنی ڕیالیستی بە هونەر وەرناگیرێت، چونکە چەمکی هونەر گۆڕانی بەسەردا هاتووە.